

# ڤیڤیان موراد: ئەستێرە بوونی ڕاستەقینە بۆ هونەرمەند لە خۆشەویستی جەماوەرەوەیە

*** بەدەگمەن گۆرانیبێژ هەن مافی گۆرانییەك بدەن كە بە شێوەزارێكی دیكە بیڵێن، چۆن بوو لە گۆرانیی (ایام) ئەو هەنگاوەت نا و داوات نەكرد دەنگت لەسەر بەشێكی گۆرانییەكەش بمێنێت؟**

- گۆرانیی (ایام) سەركەوتنێكی زۆر باشی لە لوبنان و توركیا بەدەستهێنا بۆیە هونەرمەندی توركی سینان ئاكسیل داوای ئاوازی ئەم گۆرانییەی كرد بۆ ئەوەی بە زمانی توركی بیڵێت، منیش ئەو ئارەزووەم هێنایە دی بێ ئەوەی هیچ مەرجێكی تایبەتی بۆ دانێم وەك دانانی دەنگی خۆم لەسەر بەشێكی گۆرانییەكە یان شتێكی دیكەی لەم جۆرە، لە دڵەوە هیوای سەركەوتنی بۆ دەخوازم لە هەموو كارەكانیدا و هیوادارم گۆرانییەكە ئەو سەركەوتنەی كە پێشبینی دەكرێت لە توركیا بەدەست بهێنێت.

*** پێت وایە كام لە گۆرانییەكانت هۆكاری سەركەوتن و ناسینی تۆ بوون لە لایەن جەماوەرەوە؟**

- هەر گۆرانییەكم گوتبێت شوێن و پێگەی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە دڵی مندا، بەڵام لێتان ناشارمەوە گۆرانیی (ایام) كە چوارەم گۆرانی ئەلبوومی (فوق الكلام)ە بۆم بووە مایەی خێر و بووە هۆی سەركەوتن و ناسینی زیاترم.

*** بەشێك لە كچە گۆرانیبێژەكان پێشبركێ دەكەن بە خۆ رووت كردنەوە و راكێشانی سەرنج بۆ لەش و لاری خۆیان لەسەر حیسابی ناوەڕۆكی گۆرانییەكان، تۆ چۆن خۆت گونجاندووە لەگەڵ ئەو شەپۆلەی ئێستا لە گۆڕەپانی هونەریدا هەیە؟**

- لەم رۆژگارەی ئێستاماندا وێنە زۆر گرنگە، بۆیە پێویستە لەسەر ئافرەتی هونەرمەند دەنگی خۆش بێت لە هەمان كاتدا رووخشاریشی گونجاو و سەرسەرنجڕاكێش بێت، بەڵام بەبێ بەزاندنی هێڵە سوورەكان و خزان بەرەو ئەو رەفتارانەی دوورن لە رەوشت.

*** بە ڕای تۆ بۆچی ركابەرێتی نێوان هونەرمەندان لە جیاتی پەرەسەندن و پێشكەوتن ئیرەیی پێ بردن و دووبەرەكی درووستكردووە؟**

- ئیرەیی پێ بردن كارێكی سروشتییە و لە هەموو پیشەیەكدا هەیە نەك تەنیا لە بواری هونەری و لەنێو هونەرمەنداندا، بۆیە من پێموایە ئەمە كارێكی سروشتییە ئەگەر لەلایەن كچە گۆرانیبێژەكاندا هەبێت، بەڵام پێویستە ئەم هەستە بۆ ركابەرێتی شەریف و پێشخستنی هونەر و هەنگاونان بەرەو پێشەوە و رازی كردنی جەماوەر بێت.

*** ئەگەر ڤیڤیان گۆرانیبێژ نەبوایە چی دەبوو؟**

- بەبێ دوو دڵی پیشەی پسپۆری خۆراكم هەڵدەبژارد.

*** گرنگترین ئەو شتانەی لە ژیانتدا بوونیان هەیە ؟**

- ئومیدێكی ئیجابی، سەقامگیری، ئارام گرتن و حیكمەت لە بڕیاردان.

*** راشكاوانە پێمان بڵێ دوای ئەوەی هاتوویتە نێو بواری هونەری چۆنت بینیوە؟**

- راستە من لە نێو بواری هونەریدا دەژیم، بەڵام رێگام نەداوە شەپۆلەكانی پەلكێشم بكەن، ئێستاش قاچم لەسەر زەوی بە پتەوی ماونەتەوە، هونەر ئارەزوویەكە هەر لە منداڵییەوە عەشقی بووم و بە تێپەڕبوونی كات ئەو ئارەزووە پەرەی سەندووە، بارودۆخی هونەری بە گشتی ئێستا مایەی داخە، چونكە لە بەها بەرزەكانی داماڵراوە، لە جیاتی ئەو شتی پروپوچ و بێ مانا بە ناوی هونەرەوە پێشكەشی خەڵك دەكرێت، ئەوەی مایەی گریان و پێكەنینە لە یەك كاتدا ئەوەیە كە هەر كەسێك گۆرانی بڵێت خۆی بە هونەرمەند دەناسێنێت.

*** ترست لە پێكهێنانی هاوڕێیەتی نییە لەگەڵ هونەرمەندان؟**

- خۆم لە هاوڕێیەتی هونەرمەندان دوور ناگرم، بەڵام بەدوای ئەو هاوڕێیەتیەشدا ناگەڕێم، چونكە بۆ من گرنگ نییە.

*** ئەو رەخنەیە چی بووە كە ئاراستەت كراوە و كاریگەریی بەسەرتەوە هەبووە؟**

- زۆر قسەی رەق و توندم ئاراستە كراوە، بەڵام لە كۆتاییدا لە بەرژەوەندیی مندا بووە، لەوانەش پێویستە كە چەند كیلۆیەكی كێشم دابەزێنم، منیش ئەم ئامۆژگاریەم بە جددی وەرگرت و نزیكەی ٩ كیلۆگرام كێشی خۆم دابەزاند و پێموایە ئێستا زۆر باشترم لە هەموو روویەكەوە.

*** هونەرمەند چۆن دەبێت بە ئەستێرە و چۆنیش ئاستی خۆی رادەگرێت؟**

- ئەستێرە بوونی راستەقینە لە خۆشەویستی جەماوەری راستگۆ و دڵسۆزەوە درووست دەبێت كە ئەمەش ساختە نییە و بە پارە ناكڕدرێت، پێموایە سندووقی پلیت فرۆشتن باشترین پێوەرە بۆ ئەمە،بەردەوامیی كارە جوان و رەسەنەكانیش، مانەوە لە ریزەكانی پێشەوە مسۆگەر دەكات.

*** خەون بە بەجیهانی بوونەوە نابینیت؟**

- بە جیهانی بوونی هونەرمەندە وەك ئەستێرەیەكی گەش وایە، هەموو هونەرمەندێك هەوڵ دەدات بیگاتێ، بەڵام لەنێوان خۆم و خودی خۆمدا پێم باشترە لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی ناوبانگم زیاتر بێت.

*** خۆشەویستی و هونەر كامیان زیاتر رۆحی ڤیڤیان تێر دەكات؟**

- لەم رۆژگارەدا هونەر بووەتە درۆ و خۆپەرستی، زۆر دەگمەنە كە خۆشەویستییەكی راستەقینەی دوور لە بەرژەوەندی كەسیی بدۆزینەوە.

*** ئێستا دڵی ڤیڤیان خۆشەویستییەكی دیاریكراوی هەیە؟**

-خۆم و جەماوەرەكەم و هەر كەسێك منی خۆش بوێت منیش خۆشمدەوێت.

*** ئاهەنگەكانت لە هەولێر چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- جوانترین و خۆشترین ئاهەنگ بوون كە تا ئێستا سازم كردوون، چونكە راستەوخۆ رووبەڕووی جەماوەری كورد بوومەتەوە كە تامەزرۆی هونەری لوبنانی و هونەر و وشەی رەسەنە.

*** لە كوردستان چ شتێك زیاتر سەرنجی راكێشایت؟**

- سروشتە جوانەكەی،كە تا رادەیەك زۆر لە سروشتی لوبنان دەچێت، میللەتەكەی كە مرۆڤدۆستە و تا ئێستاش زۆر پەیوەستن بە دابونەریتە جوانەكان،لە ناخی دڵەوە لە یەزدان داواكارم كە هەرێمی كوردستان و گەلەكەی بپارێزێت لەو پیلانانەی كە دژی دەكرێن

*** هیچ هونەرمەندی كوردت ناسی؟**

- بەڵێ ئیبراهیم تاتلیساسم ناسی و زۆر سەربەرز و خۆشحاڵیش دەبم ئەگەر كارێكی هاوبەشی لەگەڵدا بكەم.



**یەكێكە لەو هونەرمەندانەی كە جەماوەر هەمیشە چاوەڕێی بەرهەمی نوێی لێدەكات، چونكە خاوەن جەماوەرێكی زۆرە بە بەراورد لەگەڵ تەمەنی هونەریی خۆی، بۆیە لە بەیروت ئەم دیمانەیەمان لەگەڵیدا ئەنجامدا.**

بەیروت/ ڤاڤیان عەزن

# رامبۆ بەرتیل دەداتە خوشكەكەی

سیلڤستەر ستالۆنی ئەستێرەی سینەمایی ناچار بووە چەندین ملیۆن دۆلار پێشكەش بە زڕخوشكەكەی بكات تەنیا بۆ ئەوەی بە ئیستیغلال تاوانباری نەكات لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، چونكە هەر قسەیەكی خوشكەكەی دوارۆژی سینەمایی ستالۆنی دەخستە مەترسییەوە.

رۆژنامەی (نیۆیۆرك پۆست)ی ئەمریكی لەم بارەیەوە بڵاوی كردەوە چەند بەڵگەیەكی دەستكەوتووە ئەوە دەسەلمێنێت كە(رامبۆ) بەر لە ٢٦ ساڵ رازی بووە دوو ملیۆن دۆلار بدات بە تۆنی فیلیتی خوشكی جگە لە ١٦ هەزار دۆلار بەشێوەیەكی مانگانە و ٥٠ هەزار دۆلار خەرجی چارەسەر كردنی لە نەخۆشی دەروونی، چونكە فیلیتی هەمیشە هەڕەشەی ئەوەی لێكردووە ئەگەر ئەو بڕە پارەیەی بۆ دابین نەكات ئەوا ئاشكرا دەكات كە هەوڵی ئیستیغلال كردنی داوە ئەمەش دەبووە هۆكارێك بۆ لەناوچوونی دوارۆژی هونەریی ستالۆن لە جیهانی سینەمادا و نەدەگەیشتە ئەو ئاستەی ئێستای.



# نیكۆڵ كیدمان رێز لە بیروباوەڕی منداڵەكانی دەگرێت

خانمە ئەكتەری ئوسترالی نیكۆڵ كیدمان رایگەیاند كەوا پەشیمان نییە لەو ماوەیەی كە لەگەڵ توم كرۆزی هاوسەری پێشووی بەسەری بردووە بەر لەوەی جیاببنەوە.

ئەوەشی راگەیاند كە ئامادە نییە باس لە بیروباوەڕە ئاینییەكانی كرۆز بكات، كیدمان كە بەر لە ١٠ ساڵ لە كرۆز جیابۆوە ئەوەشی ئاشكرا كرد ئەو كاتەی بە یەكەوە بوون ئاگاداری ئەوە بووە كە تۆم پێڕەوی فەلسەفەیەكی ئایینی تایبەت بوو كە بە (سینتۆلۆجیا) ناسراوە، بەڵام هیچ كاتێك بە ئاشكرا باسی ئەو فەلسەفەیە بكات یاخود دژی بوەستێتەوە، چونكە ئێستاش هەردوو منداڵەكەی كۆنۆر و ئیزابیلا وەك تۆمی باوكیان پێڕەوی ئەم فەلسەفە ئایینییە دەكەن و ئەویش وەكو دایك رێز لە بیروباوەڕەكانیان دەگرێت و حەزیش دەكات لەسەری بمێنن، چونكە خۆیان هەڵیانبژاردووە و كەسیش بۆی نییە پاشگەزیان بكاتەوە تا ئەو كاتەی خۆیان بڕیار بدەن.



# منداڵەكانی

رۆژنامەی (لۆس ئەنجلۆس تایمز)ی ئەمریكی رایگەیاند كە هەندێ زیندەوەری سورەوەكراو یەكێكە لە ژەمە سووكەكانی منداڵەكانی ئەنجلینا جۆلی و لەنێوان ژەمە سەرەكییەكان دەیخۆن.

رۆژنامەكە ئەوەشی ئاشكرا كرد وەك چپس و خواردنە خێرا و ئامادەكراوەكان بە

## جیمس کامیرۆن بە دزینی سیناریۆی (ئەڤاتار) تۆمەتبار دەکرێت

دادوەرێکـــی ئەمریکی داوای لە جیمـــس کامیرۆنی دەرهێنەری فیلمـــی (ئەڤاتار) کرد رەشنووســـی فیلمە مێژووییەکەی پێشـــکەش بە پارێزەرێـــك بکات کە دەڵێ خۆی سیناریۆکەی نووســـیوەتەوە و لەلایەن کامیرۆنەوە دزراوە.

ساڵی ئیریك رایدەر سکاڵایەکی دژی جیمس کامیرۆن



و کۆمپانیاکەی (لایتســـتۆرم ئینترتینمنت) پێشکەش بە دادگا کـــرد و تێیدا دەڵێ کە چیرۆکی فیلمی (ئەڤاتار) خۆی نووســـیوەیەتی لە کتێبێکدا بـــە ناوی (کای.ئار. زی ٢٠٦٨) و دواتـــر کامیرۆن بۆخـــۆی بردوویەتی و فیلمی (ئەڤاتار)ی بەرهەمهێناوە بە پشـــت بەســـتن بە چیرۆکەکەی، بۆیە دادوەرێکی لۆس ئەنجلوس داوای لە کامیرۆن کرد بۆ ئەوەی رەشنووسەکەی پێشکەش بکات، بەڵام بێ ئەوەی سەیری یاداشـــتە تایبەتییەکانی ئەو و جۆن لانـــدۆی بەڕێوەبەری چالاکییەکانی (لایتســـتۆرم ئینترتینمنت) بکات. شـــایەنی گوتنە فیلمی (ئەڤاتار) لە ساڵی ٢٠٠٩ بە وەرچەرخانێك دانرا لە سینەمای سێ رەهەندی و توانی بڕی ٢،٨ ملیار دۆلار کۆ بکاتەوە.

## ڤانیسا دەبێتە مارکەیەکی جیهانی

مارکـــەی (P&H) ی جیهانی تایبـــەت بە جلوبەرگ ڤانیسا پارادیی ئەستێرەی ســـینەمایی فەرەنسی و جیهانی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی ریکلام بـــۆ جلوبەرگەکانی بکات بۆ وەرزی بەهاری ساڵی ٢٠١٣.

میدیاکانی فەرەنســـا لەســـەر زاری ڤایسا بڵاویان کردەوە» هەســـت بە خۆشـــییەکی زۆر دەکەم بۆ بەشـــداری کردنم لە کۆمەڵە کۆنشیس و نوێنەرایەتی کردنی مارکەیەکی جیهانی وەك (P&H)، ڤانیســـا هەروەها دەڵێ « لەســـەر ئاســـتی کەسیی هەست دەکەم من کەسێکم گرنگیم پێ دەدرێت لەلایەن ئەو مارکەوە، چونکە بڕێکی زۆر جلوبەرگی کۆنم لە ماڵەوە هەیە و حەز دەکەم ئەوانە بگۆڕم و ژمارەیەکی نوێ بپۆشم و خۆشحاڵیشم کە لەو مارکە جیهانییە بن.

لەلایەن خۆیـــەوە (P&H) لە بەیاننامەیەکـــدا بـــڵاوی کـــردەوە کە لـــە بەهاری ئەم ســـاڵ مـــاددەی دۆســـتی ژینگـــە لە جلوبەرگەکانیدا بەکار دەهێنێت.



## ئـەنجلینا جۆلی چی دەخۆن؟



بەردەوام منداڵەکانی ئەنجلینا جۆلی زیندەوەری ســـوورەوە کراو دەخـــۆن و دایك و باوکیشـــیان رێگایان پـــێ دەدەن و ئازادیان کردوون لە جۆری خواردنەکەیان، و لە سەردانە بەردەوامەکەیاندا بـــۆ کەمبۆدیا فێری ئەم خواردنـــە و چەند جۆرێکی دیکەی بوونە کە پێشتر لە ئەمریکا ئاشنایان نەبوون.

شـــایەنی باســـە ئەنجلینا جۆلی و براد بیت خاوەنی شەش منداڵن کە هەموویان هەڵگرتۆتەوە ئەوانیش بریتین لە زەهرەی تەمەن ٨ ســـاڵ و مادۆکسی تەمەن ١١ ساڵ و باکسی تەمەن ٩ ســـاڵ و شیلۆەی تەمەن ٦ ساڵ و نۆکس و فیفیانی تەمەن ٤ ساڵ کە دووانەن.

ئەو ساتانەی ناسرێنەوە

# سیانەی وەرچەرخان

(٢)

## شیعر



ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

گەر بەراوردێکی ئەمڕۆمان لە تەک ئەو ساڵانەدا بکەین، تەنها بەیەک ساڵی ئەمڕۆکەمان، پتر لە چاپکراوەکانی شەست حەفتا ساڵی رابردوومان کتێبمان چاپکراوە

لە رۆژانی مێردمنداڵیمدا خولیای شیعر لە کەللەی دابووم، گشت جوانی و هونەرێکم لە دنیای شیعردا دەبینییەوە، چاپەمەنی کوردی دەگمەن بوو، لەلای ئێمە لە ساڵی (١٩٢٢)ەوە چەند دیوانێکی شیعری بە کۆششی (کوردیی و مەریوانی) لە بەغداد چاپکراوە و، لە هەمان ساڵدا دیوانی (مەحوی)یش لە سلێمانی لە چاپخانەی (حکومەت) چاپکراوە، بەر لەوانە چەند دیوانێك، وەك (دیوانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی) چاپکراوە.

دیارە هەر لەبەر هەژاریی چاپ و چاپەمەنی کوردی، مامۆستا (نەجمەدین مەلا)ی خاوەنی (کەشتی نوح)، بە دەستخەتە جوانەکەی لە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەدابوو، چەندین دیوانە شیعری، پتر لە پەنجا ژمارەی لێ نووسیووەتەوە و، شەیدایانی شیعریش بە پەرۆشەوە هەڵپەیان بوو بۆی، من بەش بە حاڵی خۆم(روحی مەولەوی) و چەند دەستنووسێکی دیکەیم هەبوو، گەر بەراوردێکی ئەمڕۆمان لە تەك ئەو ساڵانەدا بکەین، تەنها بەیەك ساڵی ئەمڕۆکەمان، پتر لە چاپکراوەکانی شەست حەفتا ساڵی رابردومان کتێبمان چاپکراوە.

ئەو سەردەمە هاوتەمەنەکانمان، مەراقی دروست کردنی کەشکۆڵە شیعریمان هەبوو، کە بە هەموو جۆر هەڵبژاردەی شاعیران پڕمان دەکردەوە، ژمارەیەکی زۆر شیعرم لەبەر بوو، چێژم لە خوێندنەوەی وەردەگرت.

بەرە بەرە شیعرم دەنووسی و بۆ هاورێکانم دەخوێندەوە، یەکێ لەو شیعرانە بووە هۆی سەرسام کردنی هاوەڵانم و هانیان دام بۆ رادیۆی کوردی (کرماشان)ی بنێرم، ئەو دەمە راستەوخۆ لە سلێمانییەوە پۆستم کرد، دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ رادیۆی کوردی بەغداد، کە لە ساڵی (١٩٣٩)وە کانگای رۆشنبیری و هونەری کورد بووە، پاشان رادیۆی کوردی کرماشان، بە دراما رادیۆییە جوانە سەرنجڕاکێشەرەکانی و ئەو شیعرە دڵگیرو هەستبزوێنانەی کە بە دەنگە پڕ جۆش و خرۆشەکانی مامۆستا (شوکروڵلا بابان) دەخوێنرایەوە، ئەو دەنگەی لە زەنگە دەنگیا هەزار و یەك ئاواز سەریهەڵدەدا.

کاتێ بەو دەنگە گوێم لەو شیعرەم بوو، کە بەناوێکی خوازراوەوە ناردبووم، لە ترسی ئەوەی نەبادا، رەتکرێتەوە و ناوم بزرێ، خوا خۆشی ویستبووم کە، ئەوان دەیانزانی و گوێیان لە رادیۆکە بووبوو.

ئەو ئێوارەیە هەر ئەوەندە نەبوو، باڵندەئاسا لە شەقەی باڵان بدەم و بەرەو دواقۆچکەی گەردوون هەڵکشێم، ئیدی نەك هەر ئەو شیعرەی، بەڵکو چەند شیعرێکی ئەو رۆژانە لە کەشکۆڵە شیعری، هاورێ شیعر دۆستەکاندا جێگای خۆی بکاتەوە.

ئەو ئێوارەیە هەر ئەوەندە نەبوو، باڵندەئاسا لە شەقەی باڵان بدەم و بەرەو دواقۆچکەی گەردوون هەڵکشێم، ئیدی نەک هەر ئەو شیعرەی، بەڵکو چەند شیعرێکی ئەو رۆژانە کە لە کەشکۆڵە شیعری، هاورێ شیعر دۆستەکاندا جێگای خۆی بکاتەوە

بەڵێ هێز و گوڕ و بڕوا بەخۆبوونی پێ بەخشیم....

ساڵانی رابوردوو، هەر هەمان شیعر لە رادیۆی کوردی بەغدا دەخوێندرایەوە و دواتر لە بەرگی یەکەمی کەشکۆڵەکەی (گیو)ی نەمر بڵاوکرایەوە، رەنگە لە شوێنی خۆیدابێ چەند دێڕێکی بەم بۆنەیەوە بخەمە دیارتان:

*لەگەڵ ئەستێرەدا دەدوام، خەیاڵم هێندە باڵا بوو*
*هەتا زنجیری ئەم رۆژە، لەدەست و پێم نەئاڵا بوو*
*بەڵێ هەروا لە بەرچاوم، سەرنجی سەردەمی پێشوو*
*کە گوڵزاری حەزو خۆزگەم، هەموودەم وئاڵ ووالا بوو*
*گوڵی جوانی گەشی هیوام، بەشەرای خەم نەژاکا بوو*
*مەلی خواشخوانی ئاوازم، بە زەبری زۆر نەناڵا بوو*
*شنەی بای بەختیاری دڵ، دەمێ بووو ئەویش رابورد*
*لەهەنگاوی یەکەمدا بوو، لەوانەی گرو گاڵا بوو.....*

ئەو دەمە نەمدەزانی رۆژێ لە رۆژان، هەر لە دەروازە زێڕینەکەی شیعرەوە دەچمە جیهانی گوڵرەنگی شانۆوە و، شیعریش تێشووی رێبواری ئەو رێگایەم دەبێ..

بەڵێ لە سەراپای شانۆییەکانمدا، زمانی شیعری بۆتە بایەخێ لە بایەخە بنەرەتییەکانی و ، بۆتە تان و پۆی رازاندنەوە و ئارایشتی....